هەواڵنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانییە

ژمارە 48 - مانگی 12ی 2018

# گەیاندنی هاوکاری بە پەلە بۆ لێقەوماوانی لافاو لە کەمپەکانی نەمرود و سەلامییە لە نەینەوا









له کۆنفرانسی ساڵانەی کەمەنەتەوەکان کە لە جنێڤ بەڕێوەچوو، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشداری کارای تێداکرد و پشتگیری خۆی بۆ (کاکەیی و فەیلی)ەکان و دەربڕی و داوایکرد پشتگیری زیاتر لە نەتەوەکانی عێراق بەگشتی و ئێزیدی و کریستان و کاکەیی و فەیلیەکان بکرێت. لەو کۆنفرانسە ئاوات مستەفا باڵیۆزی دەزگا لەڕێگەی راسپاردەیەکەوە داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد بارودۆخی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاسایشی گشتی بۆ ئێزیدی و کریستانەکان باشتر بکات و هەوڵبدرێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قەرەبووی ئێزیدیەکان بکاتەوە، لەگەڵ پاراستنی ناسنامەی کەمە نەتەوەکان و گرنگی زیاتر بە کێشە و گرفتی کاکەیی و فەیلیەکان بدات کە بەشێوەی بەردەوام رووبەڕووی چەوساندنەوە توندوتیژی دەبنەوە.



لەچوارچێوەی سێکتەری چاودێری کەمئەندامانداا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوبەشی لەگەڵ دەزگای LDSی خێرخوازیی ئەمەریکی کەرەستەو پێداویستیان بەسەر (108) خاوەن پێداویستی تایبەتدا دابەشکرد.



دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی کوێت لەچوارچێوەی پرۆژەی دابەشکردنی پارسێلی خۆراکدا، لە گەڕەکی هیران سیتی شاری هەولێر پارسێلی خۆراک بەسەر (500) خێزانی ئاوارەی دانیشتووی گەڕەکەکە دابەش دەکەن، هەروەها هاوکاری 1000 خێزانی زیانلێکەوتووی لافاوی شارۆچکەی شەرگات و 500 خێزانی کەمپی سەلامیە لە پارێزگای نەینەوا دەکەن.



لەسەر بانگهێشتی فەرمی ڕێکخراوی مانگی سووری ئیماراتی، شاندێکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشداری لە کۆڕبەندی کاروباری مرۆیی لە شاری بەغدا دەکەن کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەڕێوەچوو و تیایدا سەدان ڕێکخرا و دامەزراوەی بواری مرۆیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەشدارییان تێداکرد.




دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوکاری ڕێکخراوی UNICEF لە وەرزی زستاندا لەسەرجەم کەمپی ئاوارەو پەنابەران جلوبەرگ و پێداویستی منداڵان بەسەر 28914 منداڵی خوار تەمەن 14 ساڵی دابەش دەکەن.



لەچوارچێوەی سێکتەری پەناگە و بەڕێوەبردنی کەمپەکاندا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوبەشی لەگەڵ دەزگای LDSی خێرخوازیی ئەمەریکی لە پرۆژەیەکی ناوازەدا لە کەمپی خازر M1 کە تایبەتە بە ئاوارەکانی عێراق، پرۆسەی گۆڕینەوەی شێلتەرە کۆنەکان بەڕێوەچوو و تیایدا 500 شێلتەری نوێیان پێشکەشی ئەو خێزانانە کرد کە بەهۆی تێکچوونی شێلتەرەکانیانەوە ڕەوشی ژیانیان خراپ ببوو.




لەچوارچێوەی سێکتەری پەروەردەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پرۆسەی دابەشکردنی جانتاو پێداویستیەکانی خوێندن بەسەر قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا (757) قوتابی قۆناغی بنەڕەتی هاوکاری کراون.



دەزگای خێرخوازیی بارزانی و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی لەچوارچێوەی سێکتەری هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کەمپەکاندا، پارسێلی خۆراک و تەندروستی بەسەر 20219 خێزانی ئاوارە لە کەمپی ئاوارەکاندا دابەش دەکەن.




دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەمەبەستی هاوکاریکردنی زیاتری پەنابەرانی شاری عەفرین لە هەرێمی کوردستان، هەڵمەتی دابەشکردنی پارسێلی خۆراک، پێداویستی چێشتخانە، پارسێلی تەندروستی و جلوبەرگ بەسەر (116) خێزان لە هەولێر و دهۆک بەڕێوەدەبات.




بەهۆی دروستبوونی لافاو لە کەمپی دیبەگە2 ژمارەیەک خێزان پەڕاگەندەبوون، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەچوارچێوەی سێکتەری هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کەمپەکان، بەهاوکاری ژمارەیەک ڕێکخراوی مرۆیی پارسێلی خۆراک و بەتانی و دۆشەک و جلوبەرگ و شیرو پێداویستی منداڵان و ئاوی خواردنەوەیان بەسەر 131 خێزانی ئاوارەی کەمپەکەدا دابەشکرد.




لەچوارچێوەی پرۆژەی چاودێریی ئازیزان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی قۆناغێکی دیکەی دابەشکردنی هاوکاری بەسەر منداڵانی بێ باوک (ئازیزان) لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق بەڕێوەدەبات کە تیایدا (4.458) منداڵی بێ باوک (ئازیز) سوودمەند دەبن و بڕی (1.337.400$) یان بەسەردا دابەش دەکرێت کە هەر منداڵێکی ئازیز بڕی (300$)ی ئەمەریکی وەردەگرن.



بەهۆی دروستبوونی لافاو لەسنووری پارێزگای نەینەوا، زیانێکی زۆر بە ئاوارە نیشتەجێبووەکانی هەردوو کەمپی نەمرود و سەلامییە گەیشت، لەو چوارچێوەیەدا دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری خێرا کە پێکهاتبوون لە پارسێلی خۆراک و تەندروستی و بەتانی گەیاندە کەمپەکان و بەسەر (1000) خێزاندا دابەشی کردن.

لەچوارچێوەی پرۆژەی هاوکاریکردنی خێزانە بێسەرپەرشتەکان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری خێرخوازێک مووچەو جلوبەرگیان بەسەر 248 خێزاندا دابەشکرد.







بەمەبەستی گەیاندنی پەیام و سوپاسگوزاریی بەرانبەر بەهاناوەچوونی ئاوارەو لێفەوماوان لە کوردستان و عێراق، شاندێکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە سەرۆکایەتی بەرێز موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ئەندامیەتی کارزان نوری بەرپرسی پرۆگرام و پەیوەندییەکانی دەزگا سەردانی وڵاتی سویسرایان کرد و لە دیدارێکی نێوانیاندا دیاری و رێزلێنانیان پێشکەش بە کۆمەڵگەی شاری تۆیڤنی سویسری کرد و داوایانکرد لە هاوکاریکردنی لێقەوماوان و ئاوارەکاندا بەردەوام بن.




شاندێکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە پێکهاتبوون لە بەڕێز موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگا و ئاوات مستەفا باڵیۆزی دەزگا لە ژنێف و کارزان نوری بەرپرسی پرۆگرام و پەیوەندییەکان سەردانی جێگری سەرۆکی یانەی بارسلۆنا و بەڕێوەبەری رێکخراوی کاروباری مرۆیی بارسلۆنا دەکەن و لەلایەن جۆردی کاردۆنیز و ساریا ئالاس، جێگری سەرۆک و بەڕێوەبەری رێکخراوی مرۆیی یانەی بارسلۆناوە پێشوازییان لێکرا. لە دیدارێکی نێوانیاندا بارودۆخی مرۆیی ناوچەکە و خزمەتکردنی منداڵان و پێشخستنی دۆخی منداڵانی ئاوارە و پەنابەر خرایەڕوو و داوایان کرد یانەی بەرسلۆنا لەڕووی مرۆییەوە هاوکارییان پێشکەش بکات و ئامادەیی دەزگایان دەربڕی بۆ هەر کارئاسانییەک تاکو بتوانن پێکەوە خزمەت بە منداڵانی ئاوارەو پەنابەر بکەن.





بەمەبەستی پیشاندانی ئەو کارو چالاکییە خێرخوازیی و مرۆییانەی کە پێشکەشی خەڵکی لێقەوماو و ئاوارەو پەنابەرانیان کردووە، شاندێکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەردانی هەردوو وڵاتی فەڕەنساو سویسرا دەکەن و لەگەڵ رەوەندی کوردی هەردوو وڵاتەکە چەندین تەوەری تایبەت بە بارودۆخی مرۆیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆخی ئاوارەو پەنابەران لە هەرێمی کوردستان خرانەڕوو، شاندی دەزگا داوایان لە رەوەندی کوردی کرد دەنگی لێقەوماوان و پەیامی مرۆیی بە رێکخراوە هاریکاربەخشەکانی هەردوو وڵات بگەیەنن لەپێناو خزمەتکردنی ئاوارەو پەنابەرو لێقەوماواندا.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پرۆژەی تایبەتدا بەهاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای پاپاگروپ هەڵدەستن بە جوتکردن و کێڵانی زەوی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوان و کەمدەرامەتان و خاوەن پێداویستیانی تایبەتی سنووری شارەدێی بارزان و مێرگەسۆر چۆمان کە بۆ چاندنی گەنم بەکاری دێنن.






دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشداری لە کۆنفرانسی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران بۆ دیالۆگ لە ژنێف دەکات و تیایدا ئاوات مستەفا باڵوێزی دەزگا لە ژنێف وتارێکی پێشکەشکرد و تیشکی خستەسەر هاوکاریکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان لە خزمەتکردنی پەنابەران و ئاوارەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت ژیانێکی شایستەتریان بۆ دابین بکرێت. هەروەها باڵوێزی دەزگا داوای کرد کە رەوشی ژینگە بخرێتە پێشینەی پەرەپێدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان و هاوکاری پارێزگاکان بکرێت بەمەبەستی خاوێن راگرتنی ژینگە.




بەبۆنەی جەژنی کریسمس کە بۆنەیەکی ئایینی کریستیانەکانی لە جیهان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی پارسێلی خۆراک و سەلەی تەندروستی و جلوبەرگ بەسەر 50 خێزانی کەمدەرامەتی کریستیان لە شارۆچکەی عەینکاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر دابەش دەکات.

# پێشەکی

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەدرێژایی مانگی (12)ی 2018 لە (11) سێکتەری جۆراوجۆردا (646) چالاکی لە سەرجەم ئۆفیسەکاندا ئەنجامداوەو تیایدا (324,848) کەس سودمەندبوون. هاوکات لە سەنتەرە رۆشنبیرییەکانیشدا (3,864) کەس لە خول و راهێنانە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا سوودمەندبوون.

کۆی گشتی سوودمەندبووان لە مانگی 12 کە پێکدێن لە ئاوارەو پەنابەرو خەڵکی کەمدەرامەتی هەرێمی کوردستان و هاوولاٌتیانی ناوچەکانی تری عێراق

کۆی گشتی: 56,111 خێزان — 324,848 کەس

| | | خێزان | کەس |
|---|---|---|---|
| HC | هاوڵاتی هەرێمی کوردستان | 389 | 8,444 |
| | هاوڵاتی ناوچەکانی تری عێراق | 1,508 | 8,191 |
| IDP | ئاوارە | 49,077 | 280,984 |
| REF | پەنابەر | 5,137 | 27,229 |

کۆی گشتی ئاوارەو پەنابەر لە کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق لە مانگی 12

| | خێزان | کەس |
|---|---|---|
| کۆی گشتی ئاوارەو پەنابەر | 349,154 | 1,604,161 |
| کۆی گشتی ئاوارە | 279,587 | 1,382,191 |
| ئاوارە — ناوەوەی کەمپ | 46,757 | 246,685 |
| ئاوارە — دەرەوەی کەمپ | 232,830 | 1,135,506 |
| کۆی گشتی پەنابەر | 69,567 | 221,970 |
| پەنابەر — ناوەوەی کەمپ | 18,644 | 82,431 |
| پەنابەر — دەرەوەی کەمپ | 50,923 | 139,539 |

## کۆی گشتی چالاکی و سوودمەندبووان






## چالاكی ئۆفیسەكان

| ئۆفیسەكان | ژمارەی چالاكی | خێزان | تاك |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 519 | 49,410 | 262,001 |
| دهۆك | 67 | 201 | 19,264 |
| سلێمانی | 19 | 0 | 1,365 |
| كەركوك - گەرمیان | 32 | 0 | 1,627 |
| نەینەوا | 8 | 6,500 | 33,141 |
| شنگال | 1 | 0 | 7,450 |

## سوودمەندان لە سەنتەرە رۆشنبیرییەكان




| | | | |
|---|---|---|---|
| باسرمە | تیرێژ | 136 | تاك |
| قوشتەپە | عوسمان سەبری | 584 | تاك |
| شیلادزێ | شیلادزێ | 109 | تاك |
| بەحركە | جەواهیری | 390 | تاك |
| دیبەگە | هەڵەبجەی شەهید | 1,796 | تاك |
| گەویلان | جەلادەت بەدرخان | 30 | تاك |
| دۆمیز 2 | نەورۆز | 63 | تاك |
| دارەشەكران | قەدری جان | 625 | تاك |
| دۆمیز 1 | محەمەد شێخۆ | 27 | تاك |
| تەناهی | پیشەیی تەناهی | 14 | تاك |
| ئاكرێ | رووشەن بەدرخان | 90 | تاك |

سەرچاوەی ئامارەكان:

-Barzani charity Foundation) BCF)
-Joint Crisis Coordination) JCC)

# به هاوکاری دەوڵەتی کوێت 2000 خێزانی ئاوارەو زیانلێکەوتووانی لافاو هاوکاری دەکرێن




سپۆنسەرو هاوبەشەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە مانگی ١٢ای ٢٠١٨

Ministry of Interior – KRG – JCC – Joint Crisis Coordination Center

unicef

UNHCR – The UN Refugee Agency

Ministry of Migration & Displaced – وزارة الهجرة والمهجرين – وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران

Iraqi Red Crescent Society – جمعية الهلال الأحمر العراقي

LDS Charities – Strengthening Families

Hilfsgruppe Eifel – Förderkreis für Tumor- und Leukämiekranke Kinder

CCCM

HUMANBRiDGE

Catholic Parish Teufen Bühler Stein Switzerland

ئۆفیسی سەرەکی: هەرێمی کوردستان - عێراق/ هەولێر/ هەولێری نوێ/ شەقامی ١٢٠مەتری تەنیشت ماس

Tel: +964 7515019400 www.bcf.krd info@bcf.krd

barzanifoundation | Barzani Charity Foundation | barzaniCF | www.bcf.krd | info@bcf.krd